# ئیبراهیم هوشیاری شاعیری وەسف

•

کەریم شارەزا

•

**هوشیار نازناوی شیعریی شاعیری کورد ئیبراهیمی کوڕی سەید یووسفی کوڕی مەلا عەبدوڵلایە ،** لە ساڵی 1916 دا لە شاری هەولێر لە دایك بووە ، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی هەر لە هەولێر تەواو کردووەو پلەی خوێندنی ئامادەییشی تا پۆلی پێنجەم بڕیوە ، بەلام لەبەر دەست کورتی ئەو خوێندنەی پێ تەواو نەکراوە .

لە ساڵی 1940 دا کراوە بە مامۆستای قوتابخانە سەرەتاییەکەی (عەربەت) ی سەر بە لیوای سلێمانی و لە دوای شەش مانگ گەڕاوەتەوە هەولێرو وازی لە فرمانەکەی هێناوەو خەریکی ئیش و کاری بنەماڵەکەی خۆی بووە .

لە ساڵی 1943 دا لە سەر هەڵوێستی نیشتمان پەروەریی گیراوەو ناردراوە بۆ بەندیخانەی (عەمارە) و لە سەرەتای ساڵی 1944 دا بەردراوەو بۆ ماوەیەك بۆ مووسڵ دوور خراوەتەوەو لە ژێر چاودێریی پۆلیس دانراوە .



لە مانگی شوباتی 1944 دا بە فەرمانبەرێکی دارایی (مالیة) دامەزراوەو لەم شارانەدا فرمانی میریی بینوە : ـ هەولێر ، ڕەواندز ، حەریرو باتاس و کۆیە ، عەنکاوە ، قەرەتەپە ، کەرکووك ، مەخموور . دوا فرمانی میریی (بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرێتی باجی عەقاری هەولێر) بووەو لە ساڵی 1972 دا لە سەر داوای خۆی خانەنشین کراوەو ئێستا هەر لە هەولێر دادەنیشێ .

## هوشیارو شیعر : ـ

ئەگەر بمانەوێ مێژوویێك بۆ سەرهەڵدانی شاعیرێتی هوشیار دەست نیشان بکەین ، ئەوا وەك خۆی دەڵێ : ـ لە سەرەتای سی یەکانەوە دوای خوێندنەوەی کۆمەڵە شیعرەکەی « حاجی قادری کۆیی » کە عەبدوڕەحمان سەعید لە 1925 دا چاپی کردبوو ، هەروەها دوای سوود وەرگرتن لە شیعرە پڕ هونەرەکانی (نالی) و (کوردی) و (وەفایی) دەستی داوەتە شیعر دانان ، بەلام جوانترین شیعری نیشتمانی ئەم شاعیرەمان لە ساڵی 1934 دا سەری هەڵداوە ، لەوکاتەی کە بۆ یەکەم جار چووە بۆ (گەلی عەلی بەگ) و بیرو هۆشی مەستی دیمەنە جوانە دڵڕفێنەکانی شەقڵاوەو دەشتی هەریرو ناوجەرگی گەلی و تافگە ساردو سازگارە زیوینیەکەی بووە ، ئەمانە کاریان کردۆتە سەر هەستی ناسکی و بوونەتە سەرچاوەی ئیلهامی ئەم شیعرە نیشتمانی یەی کە دەڵێ : ـ

له جه‌ننه‌ت گه‌ر نه‌بێ گوڵزارو باخ‌و كێوی كوردستان ،
ده‌بێ جه‌ننه‌ت نه‌بێژن ! چونكه جه‌ننه‌ت خاكی كوردانه !![1]

به ڕاستی ئه‌مه شیعریكی نایابه‌و به تایبه‌تی كه به سه‌ر زمانی شاعیرێكی لاوی هه‌ولێری له سه‌رده‌می سییه‌كان‌دا هاتبێ . له‌و كاته‌ی كه جارێ هه‌ر قوتابی قوتابخانه ناوه‌ندی‌یه‌كه‌ی ئه‌و شاره بووه‌و هێشتا شاعیری ڕۆشبنیری وه‌كوو یونس دڵدار ( 1918 — 1948 ) سه‌ری هه‌ڵنه‌دا بوو ، كه سه‌ریشی هه‌ڵدا ، له ساڵی 1935 دا قوتابی پۆلی یه‌كه‌می ناوه‌ندی هه‌مان قوتانجانه‌كه بوو ، یه‌كه‌م پارچه شیعری دڵدار به ناوی (ڕوناكی) له گۆڤاری روناكی‌دا كه له هه‌ولێر ده‌رده‌چوو بلاوكرده‌وه‌و[2] سه‌ره‌تاكه‌ی به‌م جۆره ده‌ست پێ ده‌كا : ـ

**ڕووناكی ناوت چه‌نده لام خۆشه**

**عاله‌م به سایه‌ت ژیرو به هۆشه**
**وا زوڵمه‌ت ڕۆیی ، ده‌رهات ڕووناكی**
**به علیم‌و فه‌ن‌و روخساری پاكی**

**شوعله به‌خشی كرد له كێوو بیستان**
**زیندووی كرده‌وه علیم كوردستان[3]**

ئه‌گه‌ر به‌راوردی‌یه‌ك له نێوانی شیعره‌كه‌ی « هوشیار » و ئه‌م پارچه شیعره‌ی « دڵدار » بكه‌ین ، ده‌بینین چ له باره‌ی روخسارو چ له باره‌ی ناوه‌رۆك به سۆزو ئه‌ندێشه‌وه ، به‌رهه‌مه‌كه‌ی هوشیار به‌رزتره‌و خۆی بۆ لای شیعره ناوداره‌كه‌ی مسته‌فا به‌گی كوردی ( 1812 — 1850 ) ده‌بات كه ئه‌ویش به‌راوردی‌یه‌كی جوانی له نێوانی به‌هه‌شت‌و وه‌صلی یاره‌كه‌ی كردووه‌و گوتوویه‌تی : ـ « گه‌ر بمكه‌ن به سه‌رپشك بۆ ئه‌وه كه گه‌یشتن به یار هه‌ڵگرم‌و جه‌هه‌ننه‌م جێگه‌م بێ ، یا ده‌ست له یار بشۆم‌و به‌هه‌شتم بده‌نێ . پێگه‌یشتنه‌كه‌تم ده‌وێ نه‌وه‌ك به‌هه‌شته‌كه . »[4] له‌م باره‌یه‌وه ده‌ڵێ : ـ

**گه‌ر موخه‌ییه‌ریم له مابه‌ینی به‌هه‌شت‌و وه‌صلی یار ،**
**وه‌صلی تۆ ، بۆ من جه‌هه‌ننه‌م پڕ له جه‌ننه‌ت نامه‌وێ ![5]**

ده‌بینین هوشیار هونه‌ری ئه‌ده‌به‌كه‌ی له شیعری نیشتمانی‌و جوانی‌و خۆشه‌ویستی ی كوردستانه‌كه‌ی خه‌رج كردووه‌و به پێ ی قۆناغی شیعری كلاسیكی كوردی سه‌ده‌ی نۆزده‌هه‌میش ، مسته‌فا به‌گی « كوردی » هونه‌ری ووردكاری‌یه‌كه‌ی له خۆشه‌ویستیی یاره‌كه‌ی‌دا به كارهێناوه .

هوشیار ده‌ڵێ : ـ « ئه‌گه‌ر له به‌هه‌شتدا گوڵزارو باخ‌و كێوی كوردستان نه‌بێ ، پێ ی ناگوترێ به‌هه‌شت ، چونكه به‌هه‌شت خۆی له جوانی‌و خوشی‌دا خاكی كوردانه » . كه‌چی « كوردی » وه‌صلی یاره‌كه‌ی له لا خۆشتره له‌وه‌ی به‌هه‌شتی پێ بدرێ‌و له یاره‌كه‌ی داببڕێ .

هوشیار ئه‌گه‌ر چامه‌یێكی دوورو درێژی له ئاستی هونه‌ری شیعریی ئه‌م تاكه دێڕه‌ی بۆ دارشتبایه ، ئه‌وا نه‌ته‌وه‌ی كورد تا هه‌تایه وه‌ك كه‌له‌پوورێكی گرانبه‌ها له نێوچه‌وانی مێژووی ئه‌ده‌به‌كه‌ی‌دا تۆمار ده‌كرد .

شاعیری شیعر ناسكمان وه‌نه‌بێ خۆشه‌ویستی‌یه‌كه‌ی دڵی هه‌ر دابێ به باخ‌و گوڵزارو كێوی كوردستان ، به‌ڵكوو به‌ره‌و خۆشه‌ویستیی ئافره‌ت‌و شه‌نگ‌و شۆخی كچی كوردیش ده‌چێ . له‌و كاته‌ی كه له « عه‌ربه‌ت » مامۆستای قوتابخانه سه‌ره‌تایی‌یه‌كه‌ی بووه ، چاوی به كچێكی جوان‌و نه‌شمیلانه ده‌كه‌وێت كه به خامۆشی له‌به‌ر ده‌رگه‌ی ماڵی خۆی دانیشتوه‌و به داماوی ته‌ماشای ڕۆژ ده‌كات له كاتی ئاوابوونی‌دا ، هوشیار دیمه‌نی كچه جوانه‌كه‌و ڕۆژ ئاوابوونه‌كه‌ی زۆر له‌لا جوان‌و دڵگیر ده‌بێ‌و ئه‌مه ده‌بێته مایه‌ی ئیلهامی ئه‌م شیعره‌ی خواره‌وه‌ی كه ده‌ڵێ : ـ

**كه من دێوانه‌یی تۆ بم ، ئه‌تۆ بۆ مات‌و داماوی ؟!**
**ده‌ڵێی تۆراوه دوو نه‌رگس دیاره تازه گریاوی**

**به قوربان ڕه‌نگه ڕوخسارت له‌بازاڕی مه‌لاحه‌ت‌دا**
**به‌رابه‌ر هاتبێ ئه‌مڕۆ له‌گه‌ڵ ڕوژا كه كێشاوی**

**نیگارا قه‌ت مه‌ڵێ ڕووی من موقابیل خۆره یه‌ك نه‌وعن**
**له ترسی ڕوئیه‌تت وا ئه‌و له كێوانه به سووتاوی[6]**

هوشیاری شاعیری لاوی تەمەن بیستو چوارسالان ـەوە بەرهەمی شیعری بووبیّ ، دیارە لە دنیای شیعردا دوا ـنێکی گەشی لیّ رەچاو دەکرا ، چونکە وەك سەرنج دەدەین لە ـ.ی سێیەمی پارچە شیعرەکەی دەیەویّ بەرەو رێبازی ـوتبخانەکەی نالی « 1800 — 1856 » برواتو پەنجە لە پەنجەی ـەو کەڵە شاعیرەمان بداتو سوود لە تاقیکردنەوەیێکی ـیعریی ـەو وەربگریّ لەو کاتەی کە نالی گوتوویەتی : ـ

**لە خەوف طەڵعەتی رۆژ هەروەکوو شێت**
**بە ڕو زەردی هەڵاتو کەوتە کێوان [3]!**

دەبینین لە دێڕی سێیەمی پارچە هۆنراوەکەی « هوشیار » دا ناوەرۆکی دێڕەکە خۆی گەلێك لەو دێڕە ـیعرەی سەرەوەی نالی دەدات ، کە دەڵیّ : ـ

**نیگارا قەت مەڵیّ رووی من موقابیل خۆرە یەك نەوعن**
**لە ترسی روئیەتت وا ئەو لە کێوانە بە سووتاوی !**

لە لای هەردوو شاعیر رۆژ لە ترسی دەرکەوتنو بینینی ـرە جوانەکەیان بە روو زەردیو شەرمەزاری یاخود بە ـسووتاوی وەك شێت کەوتۆتە کێوان .

لە دوای ئەم دێڕە شیعرەدا هوشیار دەڵیّ : ـ

**ـەفلمی نەو نەمامی شۆخی ئەی شاهەنشەهی یاران**
**ـە هیچ نەوعیّ بەشەر ، بەخوا عەزیزم ، تۆ نە خولقاوی**

**ومرە سەیری دڵم کە خۆت ببینە تیّ دەگەی ئەوسا**
**کە تۆ حۆری بەهەشتی ، خوایە کویربیّ بەد نەفەس چاوی**

شاعیر لە وەسفی ئەو نەو نەمامە شۆخەیدا ئەوەندە ـرۆمانسییانە خەیاڵیّ قووڵیّ بەکاردێنیّ تا لە پایەی ئادەمیزادی ـدەباتەدەرو دەیکات بە حۆری بەهەشت . ئینجا لەوەش زیاتر ـدەڕواو لە لای دەبێتە کوفرێکی گەورە ئەگەر بیتو بە دەستو خامەی ئاسایی وەسفی جوانیو شۆخو شەنگی بکریّ ، هەروەك دەڵیّ : ـ

**بە دەستو خامە کوفرە ، ناکریّ وەسفی جەمالی تۆ**
**لە ناحەز خۆت بپارێزە نەوەك بتخاتە نلو داوی**

لە کۆتایی غەزەلەکەیدا بە شێوەو دەستووری شاعیرەکانی پێشوو ناوی یارەکەی بە پیتی هیجا دێنیّو بە خۆی دەڵیّ : ـ لە مەی سەرخۆشکەر هوشیار دەبیەوە ئەگەر ناوی دڵدارەکەت بێنی کە (ئافتاو) ناوێك بووە ، هەروەك دەڵیّ : ـ

**لە مەی مەستیی دەبیّ « هوشیار » وەدەرخەی نلوی مەحبووبەت**
**بە باڵا ئەلفو زولفی ڤێ ، بە لەبِ تیّ ، ئەلفە پێش واوی .**

لێرەداو لەمەو دواش بۆمان دەرکەوتو دەردەکەویّ کە هوشیار شاعیری (وەسف) ە ، ئەگەر غەزەلیشی دانابیّ ئەوا هەر وەسفی جوانی روخسارو چاوو بەژنو باڵای ئافرەتی شۆخو شەنگی کوردی بۆ کردووین .

هەر لە بواری وەسفدا « هوشیار » لە بەهاری ساڵی 1945 دا کە فەرمانبەر بووە لە شاری رەواندز ، سەر لە ئێوارەیەك چاوی بە شایێکی رەشبەڵەك دەکەویّ لە « گەردەگەرد [8]» دا ، ئەو دیمەنە جوانو دڵرفێنەی ئەو شاییە دەبێتە مایەی ئیلهامی ئەم هۆنراوەیەی خوارەوەی ، کە تابلۆیەکی هونەریی دەستی وێنەکێشێکی هونەرمەندی بەدەستەلاتە ، ئەووێنەکێشەی نەك بە نووکی خامە یاخود پەرەمووچ وبۆیەی رەنگاورەنگ تابلۆکەی دەنەخشێنیّ ، بەڵکوو بە ووشەی رەنگین دەربڕینی هونەریی وێنەی شاییکی رەشبەڵەکی کوردیمان بۆ دەکێشیّو دەڵیّ : ـ

**شایی گەردەگەرد[8]**

**رۆژیّ دەمی ئێوارە بوو رۆژ هێندە نەما بوو ،**
**لەو دەشتە دەهاتم لە هەموو لاوە هەرا بوو**

**سەهرا هەموو رازاوە لە سەر تەختی تەبیعەت**
**خورشیدی جیهان تاجی سەری نۆکەری با بوو**

ئەمری بەسەر ئەم بابە دەکرد عەتری دەبەخشی
بێ بادەوو مەی مەست بوو هەموو مەی نە خورا بوو

بوو
ڕمبازیی‌و شایی‌و زەماوەند/بە زوڕنا
تێکەڵ کوڕو کچ ڕەش بەڵەك‌و ڕەقس‌و سەما بوو

شاهەنشەهی خووبانە لەوێدا کچی کوردی
قەد عەرعەرو دەم غونچە ، ڕوخی ماهی خودا بوو

وەك بینیمان « هوشیار » هونەرمەندانە وەسفی شایی‌یەکەی دەست پێکرد ئینجا هاتە سەر جوانی کچی کوردو لە شۆخی‌و نازداری‌دا کردی بە شاهەنشای جوانان چونکە باڵای عەرعەری بەرزەو دەمی غونچەی نەشکفتەو ڕوویشی وەکوو مانگی خودا ڕووناکی بەخشە . ئەم کارەی شاعیر بە تێکەڵ کردنی شۆخی‌و جوانی ئافرەت بە هەستی نەتەوایەتی‌و دەست نیشان کردنی کچی کورد وەك نموونەیێکی جوانی ئافرەت ؛ کارێکی هونەرمەندانەیە لە ڕێبازی شیعری نەتەوەیی ئەم سەردەمەماندا .

لە دوایی‌دا شاعیر بە هەمان هێزو دەستەڵاتی هونەری لە سەر وەسفەکەی کچی کوردو شایی‌یەکە دەڕوات‌و دەڵێ : ـ

چاو ئاسك‌و سینە صەدەف‌و گەردەنی مینا ،
چارۆگە هەتا دامەنی پڕ شەرم‌و حەیا بوو

شایی کە دەکرد دوگمە لەسەر سینە ترازا ،
یەك جووتە شەمامەی تەڕو پڕ چنگی لەلا بوو !

هوشیار وەك وێنەکێشێکی هونەرمەندی هەست ناسك تابلۆی هەموو دیمەن‌و جووڵەیێکی ئەو شایی‌یە ڕەش بەڵەکە کوردی‌یەمان بۆ دەکێشێ‌و هەرچەندە لە هەندێ لێکچوواندنەکانیدا هەمان ڕەنگ‌و ئەدگاری شاعیرەکانی پێش خۆی دەداتێ وەك لێکچوواندنی [ چاو بە چاوی ئاسك ] و [ سینە لە سپیەتی‌دا بە سەدەف ] و [ گەردن لە سپیەتی‌و لووسی‌دا بە مینا ] کە لەمەو بەر لە لای شاعیرانی کورد زۆر بەکار هاتووە . بەڵام ناو بە ناویش سەرنجێکی تیژو بە چرکەیەك هەندێ دیمەنی ناسك‌و هەست بزوێنمان بۆ دەردەخا کە ئەمەش مایەی سەرنج ووردی‌و هۆش‌و سۆزی هوشیاریی شاعیرمانە ، وەك : ترازانی سوخمەی سەر سینەی‌و دەرکەوتنی جووتە شەمامەکانی کچی شایی‌کەر ، کە جوانترین دیمەنی سەرنج ڕاکێشە بەلای لاوی سەرگەرمی شایی ڕەشبەڵەکەوە .

لە دواییدا شاعیر دێتەوە سەر موتوربەکردنی ڕەگەزی نەتەوایەتی بە ڕەگەزی دلداری ئافرەت . لە هۆنراوەکەیدا ، سەرکەوتووانە ئەو تابلۆیە هونەری‌یەی تەواو دەکات‌و دەڵێ : ـ

دوو دەستی لە نێو دەستی کچانە کوڕی کوردی
دوو شانی لە دوو لاوە لە گەڵیانە تەبا بوو

خەنجەر لە قەدی پشتی موهەییا لە کەلانی
ئامادەیە سینەی سوپەری تیری بەلا بوو !

بەم جۆرە هوشیار وەك شاعیرێکی شیعر ناسکی وەسف لە شارە مێژوویی‌کەی هەولێر سەری هەڵداو لە کاروانی شیعری کوردیی ئەو مەڵبەندە دێرینە جێگەیێکی دیاری بۆ خۆی کردەوەو لەگەڵ شاعیرەکانی دیکەی ئەو شارە زیندووەی وەك کانی ( 1897 — 1957 ) و ناصیح ئەفەندی حەیدەری ( 1900 ) و محەمەد شەریف میهری ( 1909 — 1942 ) و ڕەشاد محەمەد موفتی ( 1912 ) و جەلال شێخ جەمیل « نووری » ( 1912 ) و بورهان جاهید ( 1918 ) ی سەرمەستی بادەی خەم‌و تاڵیدا ، کاروانی ئەدەبی کوردییان لەم شارە دێرینەماندا هێنایە سەر ڕێگەی بوژانەوەو گەشە سەندن .

پەراوێزو سەرچاوە : ـ

(1) . دیوانی هوشیار « دەستنووس » ، ل : 17
(2) . دیوانی دلدار ـ چ 2 ، هەولێر 1971 ، چاپخانەی کوردستان ل : 5
(3) . گوڤاری ڕوناکی ژمارە (2) ساڵی (1) هەولێر 30 / 10 / 1935 ، ل : 12
(4) . عەلائەدین سەجادی ـ مێژووی ئەدەبی کوردی ـ چ 2 ، بەغدا 1971 ، ل : 338
(5) . دیوانی کوردی ـ چ 2 ، هەولێر 2573 ی کوردی ، ل : 61
(6) . دیوانی هوشیار « دەستنووس » ، ل : 25
(7) . مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس‌و فاتیح عەبدولکەریم ـ دیوانی نالی ـ بەغدا 1976 ، ل : 321
(8) . گەردەگەرد : جێگەی شایی‌و سەیران‌و یاریگەی شاری ڕەواندزەو کەوتۆتە لای ئووووی ڕۆژئاوای .
(9) . دیوانی هوشیار « دەستنووس » ، ل : 29 .